**بابان**
**لە سلێمانییەوە دەیێنێ**







## نوکتەی سەفەری

* دوو شێت بەیەکەوە دەچنە حەمام،کاتێک ئاوی گەرم دەکەنەوە،حەمامەکە پڕ دەبێت لەهەڵم،یەکێکیان خۆی لەوی تریان تورە دەکات،پێی دەڵێ: چەند جارم پێ گوتی کەچویە شوێنێکەوە تەپ و تۆز مەکە.

## مەلەوانی و رۆژنامەوانی

میدیا: ١ ی ئایار ئەو رۆژەی کە خاوەن یادەکە پێی ئاشنا نییە..

گەپ: بیلزەبت وەک ١ی حوزەیرانەکەی رۆژی منداڵان .

خەبات: دوور نییە ئێراق بیبێتە گۆمی خوێن..

گەپ: ئەرێ قوڕ مەیە بە دڵمانا بەم بەیانییە ؟

بازار: ئەمساڵ ٢٠ هەزار ئۆتۆمبێل هاوردەی کوردستان کراون.

گەپ: ئەی بە چەندەهەزار تاسەیش پێشوازیان لێ کراوە؟

ئاوێنە: پەرلەمان لە نێوان تەپڵ و چەپڵەدا .

گەپ: بانگی عوتڵەی تێ دا .

رووبەر: لە قەندیل چیم بینی .

گەپ: رمبازێنی ئێران و تورکیا.

هاوڵاتی: لێرەدا بوەستە جەنابی دادوەر.

گەپ: با فەرراشەکە دەرگاکەت بۆ بکاتەوە.

چەتر: قۆناغێکی تازە دەستی پێکرد.

گەپ: ئەمەیان موزلیی بێ قۆناغە.

چاودێر: هەندێ شوفێری کەلار دەڵێن: تێرمیناڵەکە لێمانەوە دوورە .

گەپ: ئێ گەراجێکیان بۆ درووست بکەن.

رۆژنامە: گەنجانی شارەزوور بە (دۆمینەو بلیارد) کات بەسەر دەبەن.

گەپ: هەرچۆنێک بێت لە شەرە فیشەک و هەڵمات و بەرد باشترە .

هەواڵ: ژن بۆ لە پیاو دەترسێ ؟

گەپ: خەمیەتی بچێتە فەیس بوکەوە!

باسک: قەوارەی زایۆنی تەنگەتاو بووەو حەماسیش خۆشحاڵە.

گەپ: قەوارە لەسەر وەزنی قەواڵە!!

یەکگرتوو: ئێتر داری حیزب ئاو مەدەن.

گەپ: با ریشی لێ پەیدا نەبێ ؟!

واڵا: سوریا، کۆماری هەواڵگری و موخابەرات.

گەپ: عەیب نەبێ هی شتێکی تریشە، بەلاَم نایڵێم!

کۆمەڵ: ٠/٠٣٦ی کچانی کوردستان قەیرەن.

گەپ: مامۆستا فەرموویەتی گەورە کچ ماچبە بە من!

ئاسۆ: سەوزە، ژیانێکی لێوان لێو لە مەینەتی.

گەپ: ئەی بۆ دەڵێن : سەوزە مەرۆ سەوزە گیان؟

کوردستانی نوێ: رووداوەکانی ئەم دواییە چییان پێ وتین؟

گەپ: توندو تیژی بە هەڵمات و دارلاستیکیش دەکرێ!

گوڵان: یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی دەربەندیخان کێشەی ئاوە.

گەپ: ئەمە بۆیە لە بەسرەش خورما نییە !!

هەفتانە: عێراق بەرەو دۆزەخ دەچێت.

گەپ: ئەهـ برا رۆ، بەم هاوینە گەرمە؟

سڤیل: وەزارەتی پەروەردە ئامادەکاری بۆ رێگری لە قۆپیە دەکات.

گەپ: بەخوا نارەحەتە کردنی ..

ململانێ: ئەو دەمانەی حزب لە شیعر توورە دەبێت.

گەپ: بۆی چاپ ئەکات.




## هەواڵی ماتۆڕی

سایقی ماتۆڕەکەمان لەسەر مزگی سوچگەوتێکدا . ببورن لەسەر سوچی مزگەوتێکدا ماتۆڕەکەی ڕاگرتبوو خۆیشی لەولاوە ڕاوەستابوو، ئێمەش لێی نزیک بوینەوەو وتمان: ئەرێ حەوبرا ئەوە لە کەیەوە فێری نوێژ بویت؟ وتی: نوێژ ناکەم، بۆلای مامۆستای مزگەوتەکان هاتوم، دەمەوێ ئەو هەموو پارەیەی زەرەرم کردوە لەوانی بستێنمەوە، وتمان: پارەی چی و زەرەری چی؟ وتی: ماڵم کاول بووە کۆڵێ پارەم داوە بە لۆتۆی نیشتیمانی، کەچی مامۆسیانی ئاینی بە یەک فەتوا لۆتۆیان لێکردین بە گۆشتی گەماڵ، ئێمەش هەردوو دەست و هەردوو قاچی ماتۆڕسوارەکەمان کەلەپچەکرد و خستمانە ناو تەکسییەک و بۆ جاری دووەم بردمانەوە بۆلای دکتۆری دەرونی!!






## عەینەن یەك



**ئۆپۆزسیۆن**

١- بەدار لاستیک هەڵمات ئەگرنە پۆلیس.

٢- داوای پێنج ملیۆن ئەکات بۆ ژن هێنان.

٣- لەگەڵ پەیامی چاکسازیدا دەبە ئاویش ئەوەشێنن.

٤- مێشێک ئەکەن بەگامێشێ.

٥- زمانی ڕاگەیاندنیان ئەڵێی نەتری دیوارە.

٦- بڕیارێکییان بەدڵ نەبێت طەپڵ لێدەدەن.

٧- خەڵکی هان ئەدەن بڕژێنە سەرجادە.

**دەسەڵات**

١- نەفسی هەڵمات بەدار لاستیک ئەگرنەوە خۆپیشاندەر.

٢- داوای پێنج ملیۆن ئەکات بۆ سلفەی زەواج.

٣- لەگەڵ جێبەجێ کردنیدا قۆناخە تفەنگ ئەوەشێنن.

٤- گامێشێک ئەکەن بە مێشێک.

٥- زمانی ڕاگەیاندیان ئەڵێی موسی سەفەرییە.

٦- هەر کەسیان بەدڵ نەبێ طەپڵی پێ لێدەدەن.

٧- خەڵکی هان ئەدەن چۆپیەکەی بگرن.

NAMO

## ڕۆستەم زادە (نامـــــۆ)



تایبەت بە گەپ دەینێرێ



## نوکتەی سەفەری

* منالێک لەباوکی پرسی: باوکە من کوڕی کێم؟ باوکیشی وتی: کوڕی منی،بەڵام بۆ ئەم پرسیارەت کرد؟منالەکەش وتی: ئەی بۆچی دایکم هەمو جار پێم دەڵێ کوڕی سەی.

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



### (ئیمتیحان)

عەبە سێ سەر

### تەحلیلی سیاسی:

تاقیکردنەوەو ئیمتیحان و هەڵسەنگاندن، لەڕووی سیاسییەوە ئەگەر لەسەر وەرەقە بێت باشترە وەک لەوەی شەفەوی بێت، چونکینێ ئیمتیحانی شەفەوی لە سیاسەتدا مەجالی قۆپیەو شتی وای تێدا نییە، بەڵام ئیمتیحانی سەر وەرەقە هەتا دڵ حەزکات بازبازێن و تەراتێنی سیاسیی تیایدا ڕەهایە.

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

ئیمتیحانات لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە هەرە ناخۆشترین کات و ساتەکانی تەلەبەی تەمەڵ و تەوەزەلە، جا ئیتر کێمان لێدەرەنجێ یا نارەنجێ قیر بە قەرەس، لەبەرئەوەی شەش مانگی ڕەبەق و تەبەقیان لەبەر دەستدایە بۆ سەعیکردن، بەڵام زۆربەیان خەریکی بەردەفرکێ و هەڵماتێنن.

## (هەر لۆ فشەی)



### شێخە فشە

هەروا دەکەی هەر لۆ فشەی یەکەک بەردەبیتەوە دەمری، مردن بوویتە ئاوخواردنەوە جەڵتەی دەماغ، جەڵتەی قەلب، هەر بوویتە شەربەت- ڕۆژ نییە هەر لۆ فشەی عادیسەی سەیارەی نەقەومێ و ٦-٧ کەس نەبنە قوربانی.

هەتا دێ ئەو خەرکە زیاتر دەبی دەرێی هەرلۆ فشەی زەلام دەباری نە فڕنی بەبەر دەکەوی نە گەس نە لوقنتەو چایخانە- جاران ئەو هەموو نەخۆشییە نەبوو- ١٠ سار جارەک هەرلۆ فشەی ئەوجا یەک دوو کەس دەمردن..

خوا دەزانی ئەمەش بە چ دەمرین – حادیسەی سەیارە- مار پێوەدان – کەتنەخوارێ لەسەربانی- کارەبا لێدان- جەڵتەی دەماغ- کەس هەر باسیش ناکات- ئەوجا پاش سارەک و ٦ مانگان یەکەک لە پشتوانی برام دەپرسی ئەرێ شێخەفشە دیار نییە؟ گۆشەکەی لە گەپ نەمایە؟!! ئەویش دەرێ هەیهۆو برام لەکێ نووستی شێخە فشە بایدایتەوە کەندێ لە دنیایێ باری کردییە!!






### تەحلیلی ئابووری:

تاقیکردنەوە لەڕووی ئابوورییەوە خۆی لە دواکەوتنی موچەی فەرمانبەراندا دەبینێتەوەو دەبێتە هۆی ماش و برنجی بوونی سەرو ڕیش و پرچ و زوڵفی مەعاشخۆرەکانی ئەم وڵاتە، هەرکەسێک تەحەمولی ئەو ئیمتیحانە بکات ناجیح دەبێ، ئەوەش تەحەمولی نەکات ئەوا فەسڵکردن دەستی ماچ دەکا.

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١. لە مانگێکی وەک ئایارداو لە بەرواری یەکی پێنجی بیست و پێنج دانە ڕۆژ لەمەوپێشداو لەیادی ڕۆژی کرێکارانی جیهاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا هەر کرێکارێک دڵسۆزانە خۆی ماندو بکا، دوعای خێری بۆبکاو لەناخی دڵەوە پێی بڵێ: یارەبی ئەو لەشەت ساغ بێ!
٢. لە یەکێکی حوزەیرانداو لە ڕێکەوتی یەکی شەشی هەفتەی داهاتوداو لەیادی ڕۆژی جیهانی منداڵاندا، کۆمەڵێک بەرپرسی چاوگەشی حزبی و حکومی بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو یادە پیرۆزە، بڕیارە لە ئاهەنگێکی خنجیلانەدا پەنجاو پێنج سندوق بیبسی و هەژدە قاڵب کێک بخۆن.
٣.لە وەعدێکی زۆر خیلافداو لە بەرواری چواری چواری دووهەزارو چواردا، هەرچی بەڵگەو مەڵگەو ئەرشیف و مەرشیفی هونەرییم هەبوو بردم بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی و دامە دەستی تەشریفی موشریفی موچەی پوچەی ڕێزلێنانی هونەرمەندان، ئەوانیش حازرو بزریان کردو منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.
٤- لە تەخطییەیەکی میدیا چێتیداو لە دوو شەممەیەکی وەک سێشەممەی موطەعەم بە چوارشەممەی مانگی ئایاری یاساو ڕێساسازیداو لە پەرلەمانێکی پڕ لە شەڕە بوتڵی ئاویداو بۆ مەوزوعی بودجەی ساڵی دووهەزارو یانزەی پارە لووشیدا لەشاشەی تەلەفزیۆنە ڕەسمییەکەی پەرلەماندا ڕەسمێکی بینای پەرلەمانیان دانابوو لەگەڵ ژێر نووسێکی موحتەرەم دەربارەی هەواڵی بودجەکە، قورعان بە هەقت وامزانی تەلەفزیۆنەکەمان ستیل کراوە، تومەز لەترسی ئەوەی نەوەک لەسەر ئەو ١٢ ملیار دۆلارەی بودجە دیسان ببێتە شەڕی بوتڵی فراکسیۆنەکان، ڕاستەوخۆ پەخشی نەکرد.




## تیاترۆ

**عوسە سویچ**

هاووڵاتی/ سەلام و علیکم
وەکیلی خۆراک/ وە علیکم سەلام
هاووڵاتی/ هاتوم بۆ پارەکەم
وەکیل/ ئەها باشە ئەی ئەو فەردەیە چیە؟
هاووڵاتی/ وەڵا عەیب نەبێ تێی ئەکەم.
وەکیل/ بۆ چەند کەسن لەماڵەوە؟
هاووڵاتی/ شتێکی وانین ١٨ نەفەر.
وەکیل/ فەردەی ناوێ ٢٧٠ هەزارە.
هاووڵاتی/ بۆ وابزانم مناڵ ئەخڵەتێنی؟
وەکیل/ ئەی بۆ؟ تۆ بەتەمای چەندی؟
هاووڵاتی/ هیچی وانا سێ چوار ملیۆن.
وەکیل/ بۆ ئێرە بانقە، یان بایع؟
هاووڵاتی/ نەفەری ١٨٠ هەزار هاتوە بۆ ساڵێکە بێنە خێرا.
وەکیل/ خراپ خەوتووی براکەم بۆ یەک مانگە!
هاووڵاتی/ خۆم گوێم لێ بوو لە ئیخبار بۆ ساڵێکە بێنە خێرا.
وەکیل/ هاهاها اخبار؟ لەگوێی گا نوستوی؟
هاووڵاتی/ وەختی پێکەنین نیە ئیشم هەیە دەی خێراکە.
وەکیل/ حکومەتی ناوەند بڕیارێک ئەدا، بەنیو سەعات ئێکسپایەر ئەبێ!
هاووڵاتی/ ئێستا ئەمدەیتێ، یان لاچاوت بکەم بە قۆخ؟
وەکیل/ بڕۆ دەرەوە لەم دوکانە با بەکیلۆ کوێرت نەکەم.
هاووڵاتی/ شەرتبێ بچم پۆلیست بۆ بێنم.
وەکیل/ وەڵا حەز ئەکەی بڕۆ ١٨ نەفەرەکەی ماڵەوەش بێنە...

